وەزارەتی دەرەوەی عێراق نامەی ناپەزایەتی لەبارەی هێرشەکەی شەوی رابردووراد‌ستی هەسوڵنێری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەکات



وەزارەتی دەرەوەی عێراق بانگهێشتی دەیڤید بێرکەر هەسوڵنێری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا دەکات و نامەی ناپەزایەتی لەبارەی هێرشەکەی شەوی رابردوو رادەستدەکات و لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: "بەکارهێنانی خاکی عێراق بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکان، ڕەتدەکەینەوە".

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە نامەکەدا باسی لەوەشکردووە: "ئیدانەی هێرشەکانی شەوی رابردووی ئەمەریکا دەکەین، کە "هاووڵاتیانی مەدەنی" کردووەتە ئامانج، بەهەیەوە نزیکەی 40 کوژراون و ژمارەیەك بریندارى لێکەوتووەتەوە".

وەزارەتەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو، حکومەتی عێراق هەموو هەوڵێك بۆ پاراستنی گیانی مەدەنییەکان دەخاتەگەڕ.